# بەخێر بێن

# نوسینی کوردی بە ئەلفوبێی لاتینی

ئامادەكردن : د. سەعید محەمەد

**بۆ نوسینی کوردی بە ئەلف و بێی لاتینی  پێویستە رەچاوی ئەم تێبینیانەی خوارەوەبکەین :**

. **سەرەتا دەبێت وشەکان برگە برگە بکرێن.**

**بڕگە : کۆمەڵە دەنگێکە پێکەوە بەیەکە تەوژمی هەناسە لە دەمەوە دێنە دەرەوە . هەموو برگەیەك دەبێت ڤاوڵێکی تێدابێت ، کە بانوکی بڕگە دادەنرێت.**

**دەنگە ڤاوڵکان لەزمانی کوردی دا ئەمانەن :**

| | | | |
|---|---|---|---|
| ا : | a | ی : | î |
| ە : | e | ێ : | e |
| و : | u | ۆ : | o |
| وو : | Ptsû | بزرۆکە : | i |

. برگە لەزمانی کوردیدا بەدەنگێکی نەبزوێن ( کۆنسۆنانت ) دەست پێدەکات ، پاشان بزوێنێک ( ڤاوڵ ) بەدوایدادێت ، واتە بڕگە لە زمانی کوردیدا ئەم قاڵبانەی هەیە :

[CV] وەك : لە ، بۆ ، چا ، با ، کێ ، دۆ ..........

[CVC] وەك دار ، کوڕ ، کچ ، ساڵ ، نان ، تاڵ ، .........

[CVCC] وەك : دەست ، کەوت ، گشت ، مشت ، ماست ، ڕەنج ، ڕەوت ، ........

[CCV] وەك : چیا ، نوێ ، گوێ ، گیا ، ........

[CCVC] وەك : خوار ، گیان ، ژیان ، جوان ، پیاو ، ......

[CCVCC] وەك: خواست ، خوارد ، .......

. ئەگەر دوو دەنگی کۆنسنانت لەسەرەتای ووشە و بڕگەدا بەدوای یەکدا هاتن ،
ئەوا ڤاوڵی بزرۆکە لەنێوانیاندا هەیە وەك :
برا bira چنار çinar

. تەنها لەیەك حاڵەتدا دوو دەنگی کۆنسنانت لەسەرەتای وشە و بڕگەدا بەدوای یەکدا دێن ،
ئەگەر هاتو کۆنسنانتی دووەم ( و ) یان( ی ) بێت و بە دوایاندا ڤاوڵ بێت وەك :
جوان cwan پیاو : pyaw
خوارد xward گیان : gyan

الف و بێی کوردی

- لەئەلف و بێی عەرەبدا ، دەنگەکانی ( و، ی ) کۆنسۆنانت بن یان ڤاوڵ ، هەریەك وێنە یان هەیە ، واتا دوو پیتی جیاواز بۆ هەر یەکە لەو دوو دەنگە نییە .

و → ڤاوڵ u
و → کۆنسۆنانت w

ی → ڤاوڵ î
ی → کۆنسۆنانت y

# سوپاس